# ئاهەنگەکانی نەورۆز لە فینلەند

Ebas SHIWAN
a.shiwan@kurdpost.com

بەرەوالّی سالاّنی پێشوو هاوئاهەنگ لەگەڵ ئاهەنگ و خۆشی نێوخۆی کوردستان، کوردستانیانی دانیشتووی Finland بۆ ڕێز لێنانی لە سەری ساڵی کوردی و هاتنی وەرزی بەهار و چەژنی نەتەوەییان بەشێوازی جۆراوجۆر پێشوازیان لە نەورۆز کرد. ئەویش بە سازدانی ئاهەنگی گۆرانی و میوزیك بوو.

بەڵێ، ئەمساڵ سێ ڕێکخراوەی کەلتووری تەرەفداری KDP ڕۆژهەلاّت و باشوور، بە بێ ڕێکخراوی کەڵتووری سەر بە PUK ئەرکی ڕاپەڕاندن و چێکردنی ئاهەنگی نەوزۆزیان گرتبووە ئەستۆ !!

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 02.3.23 لە شاری Vantaa ی نزیك بە باژێری Helsinki ئاهەنگێکی ڕازاوەیان بە ئامادە بوونی نزیك 800 کورد بەرێخست، کە لە شارەکانی Lahti و Jyväskylä و Turku و Hamenlina هاتبوون.


کچانی ڕێکخراوی لاوانی دیموکرات سروودی ئەیرەقیب دەڵێن

_ سەرەتای ئاهەنگەکە بە سروودی نەتەوەی ئەیرەقیب لەلایەن دەستەیەك لە کچانی ڕێکخراوی لاوانی دیموکراتەوە و هەڵکردنی ئالاّی کوردستانەوە دەستی پێکرد.

_ ڕاوەستان خولەکێك بۆ گیانیبەختکردوانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان.

_ وتاری لیژنەی ئاهەنگەکە لەلایەن Mecîd Heqîیەوە خوێندرایەوە.

_ چەند وتار و هۆنراوە و چالاکی تر.

نۆرە هاتە سەر دەنگی هونەرمەندی سترانبێژ Kardo Shêxo، بۆ ماوەیەکی باش بە هەردوو شێوەزاری کرمانجی سەروو خواروو ئامادەبووانی هێنایە جۆشوخرۆش و هەڵپەڕینی جۆراجۆر.




پاش پشوو، تا دەهات ئاهەنگەکە قەڵەباڵغتر دەبوو،هونەرمەندی سترانبێژ Elyasî Qadrîش هێندەی تر جەماوەرەکەوە هێنایە هەڵکەسەما. بەو شێوەیە تا دەمی 12ی شەو هەمووان کەیلی شادی و خۆشی بوون و ئاهەنگ بەردەوام بوو، سەرکەوتووانە کۆتایی پێهات.

تێبینییەکان:

_ بلیتی چوونە ژوورەوە 13E گران بوو، خەڵك بیانزانیایە وایە نەدەچوون. لە ناردنی ریکلامەکان بۆ هەندێك شار نرخیان دانەنابوو، ئەوە بۆ خۆی فێڵێك زیرەکانە بوو، دەنگەدەنگی لەسەر درووست بوو، بەرێوەبەرانی ئاهەنگەکەی ناچار کرد لە تریبیونەوە بێنە قسە، داوای لێبووردن بکەن.

_ ئاهانگەکە رەنگوڕووی سیاسەتی پارتایەتی لایەنەکانی کوردستانی  پێوە دیار نەبوو.

_ تەنها ئاڵایەکی کوردستان بە بەشی سەرەوەی شانۆکەوە هەڵواسرابوو.


لایەنێکی جەماوەر ئاهەنگی نەوروز لە فینلەند

_ لە 50% ئامادەبووان بە ژن وپیاو و منداڵەوە جلوبەرگی کوردییان لەبەردا بوو. بەڵام، بۆ یەکەمین جار ژمارەیەك ژن بە جلوبەرگ مۆدێل عەرەبییەوە کە ئەویش موحەجەبەیە دەبینران. بێئەوەی هەڵپەرن و سەما بکەن بە متی لەگەڵ مێردە ڕیشدارەکانیاندا وەك تەعزێیان بێت، دانیشتبوون.

_ بۆ یەکەم جارە، هیچ جۆرە شەر و دڵیەشانێك لەنێوان خەڵکیدا ڕووی نەدا.

_ بێجگە لە بەرپرسی کۆمیتەکانی KDP و PUK و KDP ڕۆژهەڵات و لایەنگرانیان، ژمارەیەکی کەم لە لایەنگرانی PKK و خەڵکی فینلەندی و عەرەب و ئەفەریقی ئامادە بوون. ئەمە وێرای ژمارەیەك کەسایەتی وەك: پرۆفیسۆرFayeq Etrwshî، Sarar Sofî، Rêbwar Kerîmî.

_ ژمارەیەکیش بە تایبەتی پیاوان لێرەولەوێ سەریان کردبوو بەیەکدا و خەریکی گۆڕینەوەی بیروڕای سیاسی، دواڕۆژ و چارەنووسی کورد بەتایبەتی ئەزموونی کوردستانی باشوور بوون.

_ ئەمەی ئێستا دووەم ئاهەنگە لەم وڵاتەدا سازدرێت. یەکەمجار لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 02.3.9 کۆمەڵەی کەلتووری کوردی لە شاری Tampere ئاهەنگی نەورۆزی سازکرا و هەمان هونەرمەندی سترانبێژ Qadrî Elyasî ئاهەنگەکەی ڕازاندبووەوە. هەروەك بڕیارە لە چەند شاری تر هەر بەم بۆنەیەوە ئاهەنگ و شایی _ گۆڤەندی دیکە چێبکرێت.

02.3.24